# سەید رەزا بۆ دەرسیم دەگەڕێتەوە



لە دەهەمین فێستیڤاڵی کولتوری و سروشتی کە شارەوانی شاری دەرسیم خستبوو، لە ناوەڕاستی شاردا پەردە لەسەر پەیکەرێکی شەهیدی سەرکردە سەید رەزای دەرسیمی لادرا.

بەبۆنەی دەستپێکردنی فێستیڤاڵی کولتوری و سروشی مونزور کە شارەوانی دەرسیم سازی کردبوو، چەندین گروپی جۆراو جۆر بەمەبستی بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکە روویان لە شار کردبوو، بەوهۆیەوە رێپێوانێکی کەم وێنە هاتە ئاراوە، شەرەفەتین خالس و سەباهەت تونجلی ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، ئەدیبە شاهین سەرۆکی شارەوانی دەرسیم، هەروەها زەلخا پۆلات و رۆستەم پۆلات کە دوو نەوەی سەید رەزای نەمرن، لە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدابوون. دواتر لە ناوەڕاستی شارەکەدا پەردە لەسەر پەیکەری سەید رەزای دەسیم لادرا کە سەکردایەتی شۆرشی دەرسیمی کردبوو، کاتێک پەردە لەسەر پەیکەرەکە لادرا بە نیشانەی خۆشی هەلهەلە لێدرا، دەیان پیرە پیاوی ئەو شارە بەراکردن خۆیان گەیاندە پەیکەرەکەو بە تاسەوە ماچیان کرد.

پاشان لە وتارێکدا ژیاننامەو خەبات و شێوەی شەهید کردنی سەید رەزا بۆ ئامادەبوان روون کرایەوە، دواتر تیپەکانی میللی شایی و ئاهەنگیان دەست پێکرد.

جێی ئاماژەیە سەید رەزا ساڵی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ی دژ بە تورکیا رێبەرایەتی شۆڕشی دەرسیمی کرد، دواتر بەدیل گیراو لە سێدارە درا. سەید رەزا لەبەردەم پەتی سێدرەدا گوتبووی: ئێمە سەربەرزانە شەهید دەکرێین، بەڵام دڵنیام لەم شوێنەدا نەوەکانمان ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان هەڵدەکەن.

# ژوانگە

## گڵۆپی سوور

زۆربەی جاران گڵۆپی سەوز بۆ سیاسەتمەداران هەڵدەکرێ و هێڵی سووریشیان بۆدادەندرێ، بەڵام لە خەیالی نووسیندا نەگڵۆپی سەوزو نە هێڵی سوور پێوانەیان بۆ ناکرێ، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە گڵۆپی سوور بۆ هەندێک رووناکبیر هەڵبکرێ، بەتایبەتیش بۆ ئەوانەی کە لە شاشەی تیڤیەکاندا دەردەکەون و لەسەر هەموو شتێک قسە دەکەن و رای خۆیان دەردەبڕن،

لەم رۆژانەدا سەیری کەناڵێکم دەکرد، بینیم هەندێ رۆشنبیر لە باڵای وشەی 'بێوەژن' ئاڵابوون و بەردیان تێدەگرت! ئەوان پێیان وابوو کە داکۆکی لێدەکەن، بەڵام من پێموابوو بەگژی داهاتبوون، لە خۆیانەوە دژایەتیان دەکرد. ئەوان سنووری نێوان ناو، چەمک، فەرمان و ئاوەڵناویان بەزاندبوو، ئاخر لە کوێ زمانەکاندا هەیە کە ناو بۆ سوکایەتی پێکردن و بێڕێزی کردن لێندرابێ؟!

کچ واتە ئەو مێینەی کە هێشتا پەردەی کچێنی پاراستوە، ژن ئەوەی شووی کردوە، بێوەژن ئەوەی شووی کردوە، بەڵام بێ هاوسەر ماوەتەوە. دەی باشە بۆ دەبێ بێوەژن توانج و تانە لێدان بێت و بەمەبەستی سوکایەتی پێکردن بەکار بهێندرێ؟!

رۆشنبیرێک جیاوازی و سنووری نێوان قۆناغەکان نەناسێ، دەبێ لە چ ئاستێک دابێ؟! خۆ ئەو جۆرە جیاوازیانە لە هەموو زمانێکدا هەن؟! ئەی باشە بۆ هی ئەوان بۆ سوکایەتی کردن نیەو هی کوردیش بەرۆکی دەگیرێ و داوا دەکرێ فڕێ بدرێ؟!

باشە چۆن مرۆڤەکان دەناسرێنەوە؟! ئەگەر یەکێک گوتی من نێر، یان مێم دەبڕێتەوە؟! بێگومان دەبێ وشەی دیکەی بە دوادا بێ، دەنا بەرانبەرەکەی سەری لێدەشێوێ و ناتوانێ هەموو پرسیارێکی لێبکات.

هەقە گڵۆپی سوور بۆ ئەو رۆشنبیرانە هەڵبکرێ و پێیان بگوترێ هۆپ لێتان دا.

**باوکی بنار**

# پەرلەمانی ئەوروپا کاندیدەکانی فیلمی لوکس دیار دەکا

بە گوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی "سینەمای ئەوروپا"، لە لیستێکدا کە لە رێگەی پەرلەمانی ئەورووپاوە بڵاو کراوەتەوە، سێ فیلم بۆ کاندیدی کۆتایی خەڵاتی فیلمی "لوکسی ٢٠١٠ دەستنیشان کراون.

ئەو سێ فیلمی کاندیدکراوە بریتین لە 'ئەکادیمیای ئەفلاتون' بەرهەمی وڵاتی یۆنان و لە دەرهێنانی 'فیلیپوس تیستوس'، 'کاتێک ئێمە دەچین' بەرهەمی وڵاتی ئەلمانیاو لە دەرهێنانی 'فئۆ ئالاداگ'، لەگەڵ فیلمی 'نایاسایی' بەرهەمی فەرەنساو لە دەرهێنانی 'ئۆلیربێر ماستۆ پاسە'.

ئەو سێ فیلمە لە رۆژانی ٢٦-١٠-٢٠١٠ تاکو رۆژی ١٩-١١-٢٠١٠ لە بنکەی پەرلەمانی ئەورووپا لە شاری بروکسێل پێشان دەدرێن و و ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا لە رێگەی دەنگدانەوە براوەی ئەو خەڵاتە دەستنیشان دەکەن. دواتر براوەی سەرەکی لە رۆژی ٢٤-١١-٢٠١٠ دەستنیشان دەکرێ.

بڕیار وایە هەر سێ فیلمەکە لە رۆژانی ١٠و١١-٩-٢٠١٠ لە بەشی رۆژانەی ڤینیسیا لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی فیلمی ڤینیسیا پێشان بدرێن.

جێی ئاماژەیە کە خەڵاتی لوکسی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە بۆ رێزگرتن لە باشترین فیلمی ئەورووپی بینات نراوە، بەهای خەڵاتەکەش نزیکەی (١٣٠) هەزار دۆلارە. هەروەها فیلمی براوەی لۆکس بە ٢٣ زمان ژێرنووس دەکرێ و لە سەرتاسەری ئەورووپادا بڵاو دەکرێتەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ فیلمی 'سەرەتای بەهەشت' لە دەرهێنانی 'فاتیح ئاکین'ی بەرەگەز تورک و لە بەرهەمی ئەلمانیا وەک براوەی خەڵاتی لۆکس ناسێندرا. ساڵی ٢٠٠٨ فیلمی 'بێدەنگی لۆرنا' لە دەرهێنانی 'برایانی داردێن' کە بەرهەمی وڵاتی بەلجیکا بوو خەڵاتەکەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، هەروەها خەڵاتی ساڵی ٢٠٠٩یش فیلمی 'بەخێر بێن' لە دەرهێانی 'فیلیپ لیۆرە' بەرهەمی فەرەنسا بوو، خەڵاتەکەی بردەوە.

**ژینۆ کاوێسی**

# ئەسلان بە ئەرمەنی دەسترێ

ئیبراهیم ئەسلان، گۆرانیبێژی ناسراوی کورد کە زۆربەی گۆرانیەکانی بە زاراوەی زازاکین، لەو دواییانەدا رایگەیاند کە ئەلبومێکی ئامادەکراوی هەیەو چەند گۆرانییێکی بە ئەرمنی چڕیوە.

ئیبراهیم ئەسلان پێشتر چەندین ئەلبومی گۆرانی بە ناوەکانی ' ئاگەرایس، کلتە کۆو، مراز، زەرنکوت' بڵاو کردۆتەوەو لەلایەن هەوادارنی مۆزیکی رۆژئاواوە پێشوازییێکی گەرمی لێکراوە، چونکە ئیبراهیم ئەسلان سوود لە ئاوازو مۆزیکی هارمۆنی رۆژئاوایی وەردەگرێ، بەوهۆیەشەوە داهێنانێکی نوێی لە مۆزیکی کوردیدا کردوە،

ئیبراهیم ئەسلان ئەلبومێکی بەناوی پەتگا بڵاوکردۆتەوە کە بە زمانی ئەرمەنی گۆرانی دەسترێ، لەوێدا باس لەو منداڵە ئەرمەنیانەی دەرسیم دەکات کە وەبەر شاڵاوی قڕکردن و راونان کەوتبوون، کاتێک لە سەرەتای یەکەمین شەڕی جیهانیدا سوپای عوسمانلی شاڵاوی لەناوبردن و کوشتاری ئەرمەنیانی دەستپێکردبوو، کە تا ئێستاش دەوڵەتی تورکیا لەبەرانبەر ئەو کوشتارەدا کە دژ بە ئەرمەنەکان ئەنجام دراوە، لەلایەن وڵاتان و رای گشتیەوە رەخنەی لێدەکرێ و سەرکۆنە دەکرێ، داواشی لێدەکرێ کە پەسندی بکات.

# شانیا لە ئەلبومێکی کوردیدا



لە پەیوەندییەکی "رەوەند جەواد"بەرێوبەری کارەکانی هونەرمەند شانیارایگەیاند: شانیادوای دووساڵ زیاترە کارکردن لە ئەلبومێکی گۆرانی هونەرمەند بەرەگەزعەرەبە سەرەتای دەرکەوتنیشی لە چەند درامایەکی عەرەبی وەک ئەکتەر رۆڵی بینیوە، دواتر لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرئەلبومێکی بۆ بەرهەم هات کە سەرجەم گۆرانیەکانی بەکوردی دەبێت، ئەم ئەلبومە سەرجەم ئاوازکانی لەلایەن هونەرمەند هەڵکەوت زاهیرئامادە کراوە، ئەم ئەلبومە لە ١٠ تراک پێک دێت، ئەم ئەلبومە بەناوی "جواترین چاو"کە سەرجەم کارەکانی بەکۆتا هاتووە کاری دابەشکردنی موزیک هێمن حوسێن ئەنجامیداوە، کاری دەنگیش لە لایەن کاوە شێخ ئەنجامدراوە، لەم ئەلبومەدا شیعری چەند شاعیرێکی کوردستان بەکارهاتووە، لەم چەند رۆژەی رابردووش تراکی کۆتای ئەم ئەلبومە کەبەناوی هەموورۆژێ تێکستی ئەم بەرهەمە لەلایەن حەمە سەعید ئیبراهیم ئەنجامدراوە، کاری کلیپی ئەم بەرهەمەش لەلایەن ستافێکی کورد ئەنجامدراوە، هەریەک لە مەحەمەد جەمیل کاری دەرهێنانی بۆ کردووە کاری کامیراش لەلایەن شوان تالیب ئەنجامدراوە، وەلەلایەن حەسەن ئەمیریش کاری مۆنتاژی بۆ ئەنجامدەدرێت ئەم بەرهەمە سیناریۆکە باس لەوە دەکات کە کوڕێک دایمەن هەڵە لە دوا هەڵە دەکات بەرامبەر بەوکچەی کە خۆشی دەوی ئەم کلیپەش بە سپۆنسەری کۆمپانیای domus بۆ دروستکردنی خانووبەرەو یەکەی نیشتەجێبوون.

**سەرچاوە: کوردستان نێت**

# نیان و نێڤان لە دوێتێکدا

نیان عەبدوڵڵا بۆ یەکەم جار دوێتێک لەگەڵ هونەرمەند نێڤان دا تۆمار دەکات.

سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند ئاشکرای کردوە کە دوێتەکە بەناوی 'ساقی'یە، کلیپێکی جوانی بۆ کراوە.

زۆریە کە دوێت لەناو خانمە گۆرانیبێژەکانی کوردستاندا پەڕەی پێدراوە، هەرچەندە کە گۆرانیبێژە ناودارەکانی پێشووتر لەوێنەی شەماڵ سائیب، تەحسین تەها، فوئاد ئەحمەد، محەمەد قەدری و ژیان ئەحمەد پێشتر کاریان لەسەر دوێت کردوە، هەروەها چەند ساڵێکیشە لەیلا فەریقی، چۆپی فەتاح و نازدار دوێتیان تۆمار کردوە، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە نیان عەبدوڵلای گۆرانیبێژ دوێت تۆمار بکات.

نیان عەبدوڵڵا بۆ مێدیاکانی ئاشکرا کردوە کە ئەو دوێتەی بەهاندانی خزم و کەس و خودی هاوسەرەکەیەوە تۆمار کردوەو کلیپی بۆ ئەنجام داوە.\

جێی ئاماژە کە نیان عەبدوڵڵا وەک گۆرانیبێژ لە تیپی تەواری کچانی سلێمانی خزمەت بە هونەر دەکات. ئەو تیۆەش لە سەرەتای مانگی تەممووزی ئەمساڵ دا لە فێستیڤاڵی مۆزیکی کلاسیکدا کە لە نەمسا بەڕێوەچوو پلەی یەکەمی مسۆگەر کرد، ئەمە یەکەمین جارە کە تیپێکی مۆزیکی کوردی پلەی یەکەم لە فێستیڤاڵیکی نێونەتەوەییدا بەدەست بهێنێ.

پێشتر نیان عەبدوڵڵا رایگەیاندبوو کە ئەلبومێکی نوێ لەبەردەست دایەو لە هاوینی ٢٠١٠ بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو ئەلبومە رۆشنایی نەبینوە.